لە ستایشکردنی خۆشەویستیی تووندا.. ئاریان کەرکوکی

کاتێک وەفاداری بە هەستەکان دەبێتە کردەیەکی شەرمەزاری

لە جیهانێکدا کە ناوەندەکی بەهاکان تێیدا لەبەین دەچن و بەرژەوەندی پشتگوێی پێوەندییە مرۆییەکانە، خۆشەویستی زەرجار وەک حاڵەتێکی کەیف وسەفا یان هەستێکی کاتی سەیر دەکرێت کە لە بەرامبەر زریانی گەندەڵیدا وشک دەبێت، بەڵام ئاستییەکە قورستر وتیژترە؛ خۆشەویستی لە سەردەمی گەندەڵیدا بژاردەیەکی نەرم نییە، بەڵکو "ئەرکێکی حەتمی" وکردەیەکی ئازانەی بەرگرییە. تاک لە ژینگەیەکی گەندەڵدا ووبەووی هەوڵی بەردەوام دەبێتەوە بۆ ئەوەی بکرێت بە تەنها ژمارەیەک لە هاوکێشەی قازانج وزیاندا، لێرەدا دیاریکراو وەفاداری بۆ خۆشەویستی - بۆ هەموو ئاستگەیی وبگەردییەکەیەوە- دەبێت بە هاوارێکی بێهاوتای سەربەخۆیی. چونکە هیچ شتێک وەک ئەوە گەندەڵی تووڕە ناکات کە مرۆڤێک هەبێت ئامێتی بکاتەوە هەستەکانی ببێت بە کاڵا، وەختێ بکاتەوە گەرمیی سۆزی خۆی لە بازاڕی خواست وخستنەووودا بفرۆشێت، هەر وەک چۆن گابریێل گارسیا ماركیز لە ڕۆمانەکەیدا "خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرا" بەرجەستەی کردووە؛ کە خۆشەویستی وەک تەنها پەتایەک دەردەکەوێت کە لە بەرامبەر پەتای کوشندەی کۆلێرا نامرێت. چاوەڕوانیی "فلۆرێنتینۆ ئاریثا" بۆ مەعشووقەکەی بۆ زیاتر لە نیو سەدە لە جیهانێکدا کە پڕ لە گەڕانکاری وگەندەڵیی کۆمەڵایەتی، بۆ مانای شەڕشکێی بەدەنگ وجەختکردنەوەیەک بوو لەسەر ئەوەی کە خۆشەویستی پابەندی خشتەی کات یان بارودۆخی سەخت نابێت.

خۆشەویستی وەک ئەرکێکی حەتمی واتە ئەمە بەیار دەدەین مرۆڤ بین لە بارودۆخێکدا کە داوامان لە دۆکات ببین بە ئامڕ. ئەمە پابەندبوونێکی ئازایانەیە بەرامبەر بە ئەوی تر وبەرامبەر بە خۆمان کە ئاحمان لە ئاقبووون وتێکشکاندن دەپارێزێت. کاتێک هەڕەبزرین لە ناو وێرانییەکی ئەخلاقیدا خۆشمان بوێت، ئەمە لە ئاستییەکە ئامانەکین، بەڵکو تەوی کۆمەڵگەیەکی جیاواز دەچنین، کۆمەڵگەیەک کە ئارزووکان نەیجوونن، بەڵکو پێوەندییە مرۆییە قوڵەکان بیجوونن. وەفاداری بۆ هاوبەشی ژیان لە سەختترین ساتەکاندا، وەستگرتن بۆ خۆشەویستی وەک بەهایەکی ئاها کە قابیلی سازشکردن نییە، باڵاترین شێوەی شۆڕشە. خۆشەویستی تەنها

ڕاگەیاندنی هەست نییە، بەڵکو دەستلەدانکی پڕ لە سەزە لە سەردەمکدا کە دەکان تێیدا ئاق بوون، ئەو هووناکییە کزییە کە بە دەستە لەرزەکانمان لە کوژانەوەی حەتمی دەیپارێزین، ئەو توانایەیە کە بمێنێنەوە "ئەمە" - بە لاوازی وهەزەوە-لە بەرامبەر جیهانکدا کە دەیەوێت بیگۆڕین. خۆشەویستی تەنها دەرمانی دژە ژەهری خۆپەرستییە، وئەو قەڵایەیە کە بەهێز دەمێنێتەوە چەندە دەنگی ساختە بەرزتر بێت. بەیە خۆشەویستی تەنها هەست نییە، بەڵکو بەیارەکی بوونگەرایی مەزنە، وپیرەزترین ئەرکە کە مرۆقایەتیمان بەسەرماندا دەیسەپێنێت، بە ئەوەی لە دەریاچەی گەندەیی دەوروبەرماندا نەخنکێین، وبە ئەوەی بەو ناوەکەی خەمانەوە پابەند بین کە ناکەدرێت ونافرۆشرێت. خۆشەویستی لە کۆتاییدا تەنها ئەو کردەیەیە کە دەیسەلمێنێت هەشتا زیندووین، وتوانای جیاکردنەوەی هووناکی وتاریکیمان لەم جیهانە فراوانەدا لە دەست نەداوە.

کاتێک دەست بە خۆشەویستییەوە دەگرین، تەدەگەین بەچی شێکسپیر "ڕەمیە وجولێت"ـی بەو کۆتاییە ئازاربەخشە نووسی؛ ئەو بە ئەوە نەینووسی کە مردن بەرز بکاتەوە، بەڵکو بە ئەوەی پووچیی ئەو ڕق وکینەیە هووت بکاتەوە کە کەمەگە گەندەکان دەیخنە سەر خەڵک، وبە ئەوەی بەسەر ڕاستییەکدا هاوار بکات کە ئەو کەمەگەیەی خۆشەویستی لە پێناوی رق وکینەکانیدا دەکوژێت، تەنها بەیاری لەناوچوونی خۆی دەدات. شێکسپیر پێی دەگوتین کە خۆشەویستی "بەیار" نێک چارەنووس، ودەستگرتن پەوەی لە بەرامبەر ڕاستییەکی زەردارداکردەیەکی ڕزگاریخوازی ڕاستەقینەیە. ئەم وەفاداریە ئەو "پێتا تەنهایە"یە کە نامرێت، وەک گابریێل گارسیا مارکیز لە "خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرا" بەرجەستەی کرد، کە تیایدا چاوەڕوانی بە چەندین دەیە بە کردەیەکی شەشگەڕانە مایەوە کە بەرەنگاری پێتای گەندەڵی و کات دەبووەوە.